# پەندنامە

کوردیار

سلێمانی ٢٠١٠

پێشکەشە بە :

-ئـەو ژێـرە رامنەکراوانـەی ئازایانـە لـە پێنــاو سیــستمێکی هاوچــەرخ و ئــازادیی تـــاك و کۆمـــەڵگا و ژیـــانێکی باشـــتردا تێدەکۆشن.

## گوتەیەك

خوێنەری ئازیز، ئادەمیزاد زادەی ژینگەکەیەتی، زادەی ئەو شوێن و کاتەیە کە تێیدا دەژی و تێیدا پەروەردە بووە و تێیدا بیردەکاتەوە. ئەو ژینگەیەی کە مۆرکی خۆی لە چۆنییەتی تێفکرین و ئاکارو هەڵسوکەوتی دەدات و دیدگاو روانگەی سەبارەت بە کۆمەڵگاو کایە جیاوازەکانی وێنا دەکات. وێڕای ئەوەش، هێشتا ئەو گەنجینە زانیاریی و فەرهەنگییەی کە کاروانی ژیانی مرۆڤایەتیی بۆی جێهێشتووین بەشێك لە پێکهاتەی مەعریفیی و تێڕوانینی مرۆڤایەتیی ئەو کەسە پێکدەهێنێت و کاریگەری لەسەر ئاراستەی هزریی جێدەهێڵێت، بەم شێوەیەش رابردوو بە ئێستاوە دەبەسترێتەوەو دەبێتە بناغەیەك بۆ داهاتوو، کە لە کاتی خۆیدا دەبێتە ئێستای سەردەمەکەی.

بەڕێزان، دەگونجێت چاکترین و بەکەڵکترین گەنجینە کە باوا نمان بۆیان جێهێشتووین ئەو پەندانە بێت کە بە ( پەندی پێشینان ) ناودەبرێت، ئەوەی کە ماناو مەبەستێکی قووڵ لە پشت هەر یەکێکیانەوە هەیە. لە مێژووی فەرهەنگی کوردییشدا، چەند شاعیرێکی کورد هەوڵیانداوە کە پەندو ئیدیۆمە کوردییەکان بە زمانێکی شاعیرانە بهۆننەوە، لەوانە هەر یەك لە ( مەلا غەفور دەباغیی مەهابادیی و جاهیدی شاعیرە ). هەر لەم بوارەشدا دەتوانرێت ئاماژە بەو پەندانە بدرێت کە" پیرەمێردی "شاعیری مەزنی نەتەوەی کورد لە رۆژنامەی "ژین"دا لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو بڵاویکردوونەتەوە، ئەو هەوڵەی کە بایەخێکی مەزنی هەیە و جگە لە پەندەکانی پێشینان دیدو هزری خۆشی کردۆتە هەوێنی کارەکەی، ئەو دیدو هزرانەی کە پەیوەستێکی گرنگیان



بە ژیانی ئەو رۆژانەوە بووە کە پیرەمێردی تێدا ژیاوەو وانەیەکی مەزنی ئەوساو ئێستاو بگرە داهاتووش دەبن.

خوێنەری خۆشەویست، ئەم نووسراوەی بەردەست کە ناونیشانی( پەندنامە )ی خراوەتەسەر، هەوڵێکە بۆ پێشکەشکردنی چەندین ماناو مەبەست کە بە زمانێکی سادە داڕێژراوە، ئەوەی خوێنەر بۆخۆی دەتوانێت لە مانای دێڕەکان و نێوانیان بگات و بیا نخوێنێتەوە، هەرکەسیش خوازیارە سەبارەت بەم نووسراوە سەرنج و تێبینییەکانی خۆی دەربڕێت، ئازادەو رێز لە بۆچوونەکانی دەگیرێت، لەگەڵ رێزدا...

کوردیار

سلێمانی - مارتی ٢٠١٠

هونەر بۆ بەرزیی و چاکەی ژیانە
مەرگ ناوی چاك قەت لەناو نابات
پزیشكی دوای مەرگ بە كەڵكی چی دێت
كەس بە بێ هونەر حەسوودی نابات

*** *** *** ***

ژیران سەرچاوەی ژیرین بۆ ئێمە
بۆ بینین دووچاو لە یەك چاترە
هەزاران نەبین ژیرو زانا بوون
نەبین لە نەزان گەلێ چاترە



گەر بە منداڵی فێر نەكرای دواتر
هیچ پێش ناكەوی كاتی گەورە بوون
نە گێلی دڵكوێر دەبێت بە دانا
نە لە موی بەراز پەشمەك دێتە بوون

*** *** *** ***

لە نەبوون هیچ كات بوون نایەتە بوون
بوونیش نابێتە نەبوون لەهیچ كات
نابینی رۆژێك گوڵ بێ بە دڕك
خونچە لە نێو دڕك شكۆفە دەكات

دەڵێن پیاو شەراب ئافرەتیش سێوە
پێش بەفر باوە کرێوە دەکات
هەر کاری دەم و کاتی خۆی هەیە
هەر سەرێك خولیای سەودایەك دەکات

*** *** *** ***

ئەوەی سەربانی پانتر بوو بێ شك
کە بەفر باری ماندووتر دەبێت
بە چاکی بژی بە چاکی دەمری
بە چاکی مرۆڤ سەرووتر دەبێت



منداڵ بەرگێکی سپی و بێگەردە
پەروەردە مۆرە خراپ یا چا بێ
زۆربەمان نادان دەچینە ناو گۆڕ
کەس بە دانایی لەدایك نابێ

*** *** *** ***

هیچ دەردێك نیە دەرمانی نەبێت
ئەوەشی هەیە هێشت نەزانراوە
هەموو کردارێك هەوەڵی سەختە
شکۆی بێ هونەر بڵقی سەر ئاوە

جاران لە جەژنا شیرینی دەخورا
ترسی مەزنمان ئێستا لە شەکرە
پێشتر هەر ڕێوی بە فێڵ بەدناو بوو
ئێستا هەر کەسێك مامۆستای مەکرە

*** *** *** ***

لە شتی نەبوو قەت شت ناوترێت
ڕاستە کە دوکەڵ نیشانەی ئاگرە
ئاگر کەمیش بێت بە کەمی مەگرە
وشكو تەڕ سووتن هەر بەهۆی ئاگرە



لە پێش گەردەلوول ئارامیی هەیە
لە پاش سێڵاویش هەر ئارامییە
لە پاش دانایی‌و دادو بوێریی
ئەوەی کە چاکە هەر ئارامییە

*** *** *** ***

تا خۆت نەناسی خەڵك ناناسی
هەزار دۆست کەمەو یەك دوژمنیش زۆر
ژیری زۆربەی جار زادەی ئەزموونە
کەم‌و پوخت باشە نەوەك زۆرو بۆر

مەزنیی مرۆڤ نـــــاخ دیـــاریی دەکات
ساماندار زۆریــــــــان خۆ بەزلزانـــن
کەر بە عەمامە نابــــــــێ بە عالــم
بێ وەج ئەوانەن ســــــــووك و نەزانن

***   ***   ***   ***

دەستوقاچی خۆت باشتریــــــن دۆســـتە
پیاو خۆی دەزانێ کام جێگـــــای دەخورێ
خۆشحاڵ کەسێکە کە بــــــێ نیـــــازە
ئەوەی ئومێدی بە دێو بــــــێ دەخـــورێ



شنەبا بەســـــەر سەنێـــــردا بـــڕوات
بۆنی تە پاڵــــــە دەدات بە لـــــــووتا
دوور نیە گایـــــــەك خووی گایەك بگرێ
گەر چوونە  پاڵ یــــــەك لە کاتی جووتا

***   ***   ***   ***

دەگونجێت  پیــــــاو بی بێئەوەی  پیاوبی
دەگونجێت  پیــــــاو بی لەگەڵیا ژن بـــی
دەگونجێت ژن بی لەگەڵیا  پیـــــاو بـــی
دەگونجێت ژن بـــــــێ بێئەوەی ژن بـــی

ژنان بە باشیی لە پیاوان دەگەن
پیاوانیش زۆر باش لەیەکتر دەگەن
کەم رێدەکەوێت پیاو لە ژن بگات
ئەوە ژنانن لە ژنان دەگەن

*** *** *** ***

ئەڵێن تێر ئاگای لە برسیی نیە
مرۆڤی برسیی توڕەو بێزارە
زۆرجار هۆکاری کۆمەڵگای برسیی
حاکمی پووچ و هارو زۆردارە



دەشێ نەزانی بەڵام بزانی
دەشێ نەزانی بەڵام نەزانی
ئەگەر نەزانی کەوا نەزانی
لەجیاتی جارێك دووجار نەزانی

*** *** *** ***

ژیانی ئەمڕۆ جەنگڵستانە
بێهێز دەبێتە قووتی بەهێزتر
بۆیە زەبوونی مرۆڤ رێیازە
هێسترسوار نابێ بێ بوونی هێستر

ئەڵێن لەنێوان مەغریـــــــبو عیشـــا
دەیکا خوا ویستی لە هەر شـــــتێك بێت
لە ماوەی جامی بادە بۆ سەر لـــــــێو
دەشێت رووداوێك مـــرۆڤ بكا شێــــــت

*** *** *** ***

کاتی خۆڵبــــــارین دەرون خــەمینـــــە
بەڵام بارانێك دەیـــــشۆرێـتــــــەوە
بەستەڵەکی خەم بە تـــــــریفەی مانگ
رووخسارێك دەشێت بچـــۆڕێــــــتەوە



نیسان سەرچاوەی گوڵـــی گـــــــوڵانە
چۆن وەرزی رەزبەر لە پێش خەزانـــــــە
هێشتا نەگەشتووی فام بکەیتــــــــەوە
گەڵای تەمەنت روو لە خـــەزانــــــــە

*** *** *** ***

دەڵێـــــن بـــە خۆشیی و ئارامیی و نەرمیی
ماری ژاراویـــــــی دەردێنـــــــی لە کون
دەشێ مار هەبێ بە خۆشیـــــــی و نەرمیی
دەرفەتی بدرێ خۆی بخاتە کـــــــــون

كاری خۆت كردت لۆمەی كەس مەكە
ئەوەی ناخوازی ببینی كوێرە
ئەوەی لە خەتەر ناترسێت شێتە
ئەوەی بەسەریا زاڵ بوو بوێرە

*** *** *** ***

منداڵ قەت گەورەی پێ زەوت ناكرێ
هەربۆیە چەكی گریان و وڕكە
نەگبەت بەهیوای خەڵكی غەیرەیە
سۆزی بێگانە سێبەری دڕكە



ویستت سبەینێ چوست و چالاك بی
نابێت شەو كوڕی بادە بگێڕی
لە كونێك بێتو مار جارێك گەستی
جارێ تر دەستی پێداكەی هێڕی

*** *** *** ***

چێشتلێنەر بێتو هەڵەیەك بكات
تامی خواردنێك نالەبار دەكا
نوژدار گەر بێتو هەڵەیەكی كرد
جەستەی مرۆڤێك گۆڕەوشار دەكا

ئارەزوو بێتو هەوساری پسا
دوژمنی پلە یەکی ئینسانە
شەیتان خەواندن ئەستەمە ئەمما
ئاسان هەر شەیتان لە خەوهەڵسانە

*** *** *** ***

گەر گەردوونەکان لە ئەسڵا کۆنن
ئەبێ غایەتی وجوودیان چی بێ؟
ئەگەر ئەفرێنەر پێکیهێناون
دەبێ لەچی بێو ئەو خۆی لەچی بێ؟



ژیان دەریایە خولیا بەلەمە
ژینی شایستە پێویست بە هەوڵە
بێ ویستو هەوڵ سەرکەوتن نابێ
بەلەم بۆ کەنار موحتاجی سەوڵە

*** *** *** ***

لە دوور هێندێکت پێ ئەفلاتوونە
تا نزیك نەبی نازانی چۆنن
ئەوەی ئەرستۆت ئەکرد بە قوربان
کەمتر لە کەری هەوارە کۆنن

کۆیلە ژیانی پڕ ریسواییە
مرۆڤی کۆیلە بێ نان و بەرگە
خەونی کۆیلەو دیل بۆ ئازادییە
ئەوەی شاو گەدا ناناسێت مەرگە

*** *** *** ***

پیاوی لەشساغو موستەغنی و سەربەرز
ئیختیاریش بێ هەر بەختیارە
ئەوەی خۆپەسەند، چەواشەکارە
بەختیاریش بێ بێ ئیختیارە



بەخت لە تەخت دەڵێن چاکترە
گەر بەختت هەبوو تەخت پایەدارە
پیاوی بێ بەخت ژیانی سەختە
گیرۆدەی خەمو دەردو ئازارە

*** *** *** ***

چیا پێویستی بە چیا نییە
مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەلاوێتەوە
داڕمانی شاخ بۆ چەند ساتێکە
مرۆڤ کە رووخا خۆی ناگرێتەوە

دەروون لە رووخسار رەنگ دەداتەوە
قسەی دڵ لە چاو دەخوێندرێتەوە
سەرناس بەدکاران بە رەنگ دەناسێ
پیاوی چاک بە روو دەناسرێتەوە

*** *** *** ***

راکەڕاکی تۆی مرۆڤ لە پێناو
سامان و چێژو چنگخستنی شت
هەموو شت نابێ لە پێناو شتا
بکرێ، وا بڕوات خۆت دەبی بە شت



دزو درۆزن هاوەڵی یەکن
دانویان لەگەڵ یەکتردا دەکوڵێ
چاکبوون پێویستی بە راهێنانە
ساوەر لە گەنمە پاش ئەوەی دەکوڵێ

*** *** *** ***

بەدفەڕ فەڕو پیت لەنێو ناهێڵێ
دەڵێن چاکە کەو بیدە بەدەم ئاو
مرۆڤی ژیرو چاک هەر ئازادە
بەد بۆ زبڵدان، نەمر هەر خۆشناو

خراپ لە کاری خراپ ناوەستێ
بەد نابێ بە باش بە رجاو تکا
بێ ئابڕوو لە هیچ ناگەڕێتەوە
حەیا قەترەیە کە تکا تکا

*** *** *** ***

مرۆڤی بێ سەرکلاوی ناوێ
خولیای پوچ مایەی خەمو پەستییە
بێنیاز خاوەن موڵکی دنیایە
باشترین خولیا مرۆڤدۆستییە



ئەوانەی چاکن دەگونجێت بەدکەن
بەدکاریش دەشێت رۆژێك چاکە کا
ئەوەی بە پارە میللەت دەفرۆشێت
چاکەیان دەبێ بە دەرزی ناو کا

*** *** *** ***

کاتێ هاوکاری هەژارێك دەکەی
تۆ دەیدەی کەچی زۆرت لا خۆشە
لەلای ریاکار بێ نرخە ئاکار
گوفتاری پوچە، رەفتاری بۆشە

مرۆڤ کەسێکە ژیرو چاکەکار
ئاژەڵیش دەکاو دەخواو دەخەوێ
مرۆڤ هەڵوێستە، مرۆڤ بەرهەمە
نەك وەك جلەکەر لە پاڵ بکەوێ

*** *** *** ***

مرۆڤی سەرڕاست خاوەن ویژدانە
ناپاك هەمیشە ترسی لە دڵە
دڵاوای موفلیس هەر دەوڵەمەندە
چارەی چاوبرسیی هەر مشتێ گڵە



ئەوەی کە پارەی کردۆتە ئامانج
ڕێگای دانایی قەت ناگرێتەبەر
ئەوەی کۆپانی نایە سەر پشتی
گوێی درێژ ئەبێو ئەگۆڕێت بۆ کەر

*** *** *** ***

بڵێی گوێدرێژ کاو جۆ پەیدا کات
دانا نەتوانێت دەستی بکەوێ
خرمەی جۆ شایەن بە گوێدرێژە
خولیای دانایە دانایی دەوێ

هەندێك كەس دەڵێن پیاو یەكەمجارە
هەندێكیش دەڵێن كە ژن لە پێشە
پیاو بێ یا ژن بێ ئەوە ناگۆڕێ
نێرو مێ هەردووك بەرهەمی پێشە

***   ***   ***   ***

ئەوەی لە بازاڕ سەری دا پۆشی
بۆ ئەوە نیە كە كەس نەیبینێ
دەشێ لە مرۆڤ هێندە بێزاربێ
ئاواتەخواز بێ كە كەس نەیبێنێ



دەڵێن بێكەسیی دەردێكی پیسە
مەلوولە ئەوەی كەوا بێكەسە
بێكەسی وایە فیرعەون بە گونی
بۆ دۆلار چەندین ناكەس بۆی كەسە

***   ***   ***   ***

لە ژینا بۆخۆت چ شتێك باشە
بۆ خەڵكی تریش ئەوە بخوازە
خۆپەرست هەر خۆی لەلا مەبەستە
خۆهەڵكێش سووكە، تەڕنابێ قازە

کەم چیا هەیە وشك و بێ ئـــاو بـێ
ئاو لە گشت شوێنێ سەرچـــاوەی ژینە
ئەوەی لە سەحرا فرە بەنـــرخـە
لای پیاوی خنکاو جێگەی نەفریـــنە

*** *** *** ***

چەم و جۆگەلە رووبـــار پێکدێـــنن
ئاو لە گشت جۆرە شـــەراب باشتـرە
ئەوەی کرابوو ناکرێ نـــەکرابێــت
بۆ برسی نیو نان لە هیـــچ باشـترە



ئەڵێن داری زڕ بۆ بڕیـــن باشـە
بەڵام مانەوەی دەگونجێـــت چا بـێ
ژنی وەجاغکوێر شایەنی ڕێـــزە
هیچ نەبێ پیاوی خوێڕی لێ نابـــێ

*** *** *** ***

هەندێك بۆ یەکـــتر وەك ئاووشیـرن
هەندێکیش دژن وەکـــو ئـــاووڕۆن
نابینی ئاوو ئاگـــر بە تـــێکەڵ
شەراب خۆشترە کاتێ ببـــێ کـۆن

هاوڕێ بۆ چاکە هاوڕێیەتیت کا
نەك بۆ قازانج و چێژێکی کاتی
بۆ نامەرد سەنگەر گەر لە دێو بگری
کاتێکت زانی لە دواوە گاتی

*** *** *** ***

نێرەکەر ساڵی جارێك ئە پەڕێ
خوا عەتایەکی گەورەی پێ بەخشی
مرۆڤ گشت شەوێك لەسەر جێگەیە
بستێ یا بست و ئینجێکە بەشی



لاوێك لە سیروان تەراشی دەکرد
خەریك بوو بە تف ریشی دەخوسان
خەیاڵی رووی ساف وا سەری قاڵکرد
قەت چاوی نەکەوت بە ئاوی سیروان

*** *** *** ***

پیاوێك سەگێکی دابووە بەر دار
زوڕەی بەستەزمان دنیای دادەگرت
بە دەنگی زانیم کە ناسیارە
دارەکەم لێ سەند دەستەکانیم گرت

شتی نامەعقول لەنێو کۆمەڵگای
مەعقولا هەرگیز جێی نابێتەوە
هەر نامەعقولێك لەنێو کۆمەڵگای
نامەعقولدا هەر مەعقول دێتەوە

*** *** *** ***

هەر کارێك روویدا هۆکاری هەیە
قەت کارێك مەکە کە نابێ بکرێت
چونکە هەر بۆیەك چونکەی خۆی هەیە
ئەوەی نایخوازی دەشێ بێتەڕێت



ئازارت واتایەکە بۆ ژینت
مردنت واتایەکە بۆ بوونت
مەرگ دوا خاڵی ترۆپکی ژینە
حیکمەتی چیە هاتن و چونت؟

*** *** *** ***

ئەوەی شەوە زەنگ پشتی لە ئاگرە
پەروانەی لە لا داڵە کەرخۆرە
مرۆڤ بێ ژیریی و دڵێکی رووناك
نە دۆستی مانگە نەیاری خۆرە

ئەوەی لە کەللەی خولیا دەسوڕێت
وەك گورگی بە خوێن کارژۆڵە تینوو
حەریفی هەرچۆن بۆی بێتە سەر رێ
لێڵی جۆگەلە ئەکاتە بیانوو

*** *** *** ***

دەڵێن پیرەمار بارگیری بۆقە
مەسخەرەی سەگیش هەر گورگی پیرە
مردن لە ژینی زیللەت چاترە
ئەو کەسە چاکە ئازادو ژیرە



مرۆڤ خواوەندی کارەکانێتی
ویستی لە باش بێت ئەنجامی دەدا
بەڵام هێندێك جار مرۆڤی نەگبەت
سەد باش بە بەدێك بە بادا دەدا

*** *** *** ***

کاتی توڕەیی و سەرخۆشیی مرۆڤ
ئەوەی کە دەیکا نازانێ چییە
ئەوەش نازانێ چییە کە دەیکا
مرۆڤێ وابێ پێم بڵێ چییە؟

پڵنگ گەر ئاسك نەكا بە خۆراك
لات دەبێ و چەقەڵ دەیكا بە حەڵوا
جەنگڵ نازانێ خێرو شەڕ چیە
لای مرۆڤ بەهێز نابێ لات بخوا

*** *** *** ***

حوكمدار كەڕ بێ چارەی گەل رەشە
گورگ ببێ بە شوان نەگبەتی مەڕە
شیاو بۆ شوێنی شیاو پێویستە
كەر سەرقافڵە بێ كاروان بێفەڕە



ئازاش پێویستە جارجار بترسێ
ترسانی بێ هۆ ترسنۆكیە
پیاوی ئازاردەر ریسوا و بەدكارە
ستەم ئاكامی ترسنۆكیە

*** *** *** ***

كاری بەد بە باش قەرەبوو دەكرێ
دڵێكت شكاند بیخەوە شوێن خۆ
مرۆڤی گەورە دەبێ بوردبار بێ
دڵچاك ئەوەیە زوو بێتە سەرخۆ

داد واتـــــه دانی مافی هەر شتێــك
کە شایەنی بـــێ بێکەم و بێ زیــاد
ستەم ئازارو دیــلـــی دەهێـــنێ
داد پەروەر ئازا، داد پەروەر ئـــــازاد

*** *** *** ***

هێنـــدێك كاری چاك بە بێهێز ناكـرێ
دەڵێن كە ژێریـــی سەرچاوەی هــێزە
ئەوەی کە لە دوور زۆر بــۆی تامەزرۆی
پاش ئەوەی تێربووی سەرچاوەی قــێزە



لاشـــه بە خۆراك نەشەی خۆی دەكـا
ئەوەی كـــەم و زۆر بخوات نەخۆشـــە
کەم شەراب خۆری بـــەهێزت دەكـات
شەرا بخۆری زۆر بێ هۆش و گــۆشـــە

*** *** *** ***

ئـــەوەی لە خەتەر نەترسێ شێتـــە
ئازا نزیکـــە لـــە ســـەرەڕۆیی
هەزاران پیاوی گێلـــی ســـەرەڕۆ
سەری تێدا چوو لە قوون ســـە رۆیی

میانەڕەوی بۆ مرۆڤ چاکە
خەیرەلئموری ناوەڕاستەکەی
لە چەپو راستی غەیرە سوود نابەی
لە چەپی بەرە، جا لە راستەکەی

*** *** *** ***

سۆزو توڕەیی هەردووکیان کاتیین
مرۆڤ لە کاتی توڕەیی شێتە
قسەی راست زۆر جار لای پیاوی مەستە
ئەوەی راست دەڵێت منداڵو شێتە



مرۆڤ بێ ویستی ئازاد کۆیلەیە
زانین سەرچاوەی یەکەمی ویستە
نەزانییو ترس ویست ئەشێوێنن
ئاما نجی ویستی ئازاد مەبەستە

*** *** *** ***

هێندێك جار هەیە مرڤ ناچارە
چاوەڕێ بکاو دان بەخۆ بگرێ
سەگی پاسەوان گەر خەوی لێکەوت
دز بە ئاسانی خاوەن ماڵ دەگرێ

زانست بە تەنیا بە بێ هێزی کار
ناتوانێ جیهان بگۆڕێ بۆ باش
ئاشی ئاوکەوتە رەونەقی نابێ
ئاش بەتاڵ ناکرێ تێی بکەی باراش

*** *** *** ***

ژێربوون و باشبوون بە تێکۆشانە
سەخت و کەموێنەن لوتکە بەرزەکان
غەریزە بێتو شانی پێداکەی
گیانلەبەرێکی نەبووی بە ئینسان



دانا و نادانێك گرەوێکیان کرد
لەبەردەم نەزان کێ لێزانترە
کاتێ هەر یەکە و ئەسپی خۆی تاودا
نەزان رایگەیاند نادان باشترە

*** *** *** ***

پێش هێستر کەوتی ئەوا ناچاری
کەوا خێراتر رێگە تەی بکەی
دوای کەریش کەوتی ئەوا ناچاری
هەڵاوی تسی تەحەمول بکەی

کەسێک بە ناهەق مرۆڤێکی کوشت
وەک وایە خوێنی عالەم بڕژێ
بوومەلەرزەیەک کە ویستی خوایە
مێشکی هەزاران داماو ئە پڕژێ

*** *** *** ***

زانینی راستیی قەت دەرناکەوێ
عارفو مەعروف تیا نەبن بە یەک
هەمیشە وەک خۆم لە یەک دڕدۆنگم
نابێ حیسابی یەک زیاد بێ لە یەک



مشکێک لە ترسی پەپویەک هەڵات
کەچی خۆی کردە کونی حەزیایەک
پیاوێک لە مەلەی چۆمی خۆی دەبوارد
نەگبەتیی خستییە جەرگەی دەریایەک

*** *** *** ***

هەتیوێک هەبوو لە شاری تەورێز
کاتێک خاوەنی دەیناردە بەرگان
دەیگوت خوایەگیان قەبوڵی نەکەی
رەنجی من گەواد دەینێتە گیرفان

چۆلەکەی ناودەست لە سەدی سەردار
باشترە بۆ تۆ چونکە زامنە
سەگێك باشترە لە شێرێکی کوێر
شێرێك راو نەکات روو لە مردنە

*** *** *** ***

پیاوێك کەرەکەی نەخۆش کەوتبوو
مەلای دێی بانگ کرد یاسین بابەگوێی
دانایەك وتی یاسین بۆ ژێرە
یاسین بە گوێی کەر سوودی نابێ بۆی



مەلایەك هەبوو لە نێو دێیەکدا
تەنیا یاسینی دەدا بە گوێی کەر
وتیان ئەم کارەت حیکمەتی چییە؟
وتی ستەمکار ناژی بێ باربەر

*** *** *** ***

یەکێك مردبوو دەیا نخستە گۆڕ
خزمانی تێکڕا ماتو دڵ پڕ خەم
دۆی رژاو هیچ کات کۆناکرێتەوە
دیندار بۆ بەهەشت، بێدین بۆ عەدەم

ئەوەی هات دەڕوات ئەم هەرایە بۆ؟!
هەڵپەکار مەبە وەرەوە سەرخۆ
نوستووی کە مردی جا بەخەبەر دێی
مردن مردنە پەلاقاژە بۆ؟

*** *** *** ***

ڕۆح واتە میکانیزمی ئەو هێزەی
جوڵەی زیندەوەر دەبات بەڕێوە
بێتو ئەو میکانیزمە بشێوێت
ناڕوا بەڕێوە پەیکەرو شێوە



پیاوێك بەرەو حەج دەچوو لە ڕێگا
هەواڵیان دایە ماڵت سووتاوە
وتی خوایەگیان حیکمەتی چییە؟
هی خۆت ئاوەدان، هی خەڵك کەلاوە

*** *** *** ***

ئافەریدەگار ڕێكو تەواوە
چی دابوو لە سەرئێشەی ئەفڕاندن
لە دەنگو ڕەنگی کەر ئەو بەرپرسە
حیکمەتی چیە زەڕین زڕاندن؟!

ئەگەر ئەهریمەن پەژیوان ببێ
دەبێ کە تۆبەی لێ قەبوڵ بکرێ؟!
ئاهورامزدا کە پرشنگدارە
لە ئەهریمەنە رێ لە نور دەگرێ

*** *** *** ***

خرا پە مانا بە چاکە دەدا
تاریکی نەبێ رووناکیش نابێ
ئەوەی کە دەڵێن چاکەی رەهایە
خرا پەی نەبێ چاکەشی نابێ



ئاین راستییە، چاکەکارییە
سەرچاوەی ئاین عەقڵ و ویژدانە
شوێنی خوداوەند لە هەر شوێندایە
ژیریی خودایە، خودا ویژدانە

*** *** *** ***

کاتێک کە بینیت رووداوێک قەوما
مەگری و نە لێدە قاقای پێکەنین
بەڵکو بزانە هۆکاری چ بوون
بە مجۆرە فێربە رەوت و رێگای ژین

سروشت قەت مرۆڤ ناگرێت بە مەبەست
دەبێ بایەخی مرۆڤ سروشت بێ
ئەوەی کە تاکە لە سایەی گشتە
ئەوەی خۆی شتە دەبێ لەشت بێ

*** *** *** ***

هەڵچوون دواڕادەی خەمڵێنی سۆزە
ئاراستەت دەکا بە خراپ یا چاك
ژیریی بە تەنیا ئامرازێکە
کۆیلەی ئارەزووی خرا پە یا چاك



دەڵێن سێ بستە زانین، بزانیت
یەکێکیان خۆتت زۆر لا پەسەندە
دووەمت زانی دێیتەوە سەرخۆ
هیچ کات پێی ناگات بە سێیەم بەندە

*** *** *** ***

گەردوون بێ مرۆڤ نرخێکی نیە
قیمەتی چرا لەگەڵ بلورە
ئەوەی لەگەڵ گورگ رۆژێك هاوڕێ بوو
دوور نیە رۆژێ بیکا بە لورە

کەر بۆیە کەرە دیلو باربەرە
ئەسپ غاردەکاو سەرچاوەی هێزە
میللەتی سستو گێلو بێ خولیا
بێپایەو تڕۆو دیلو بێڕێزە

*** *** *** ***

باڵندەی گۆشتخۆر دەنوکی تیژە
کەچی قەلەڕەش ڕاونەری بازە
بە دارولاسیک ماسی ڕاوناکرێت
ئامانج پێویستی بە ئامرازە



دەسەڵاتدارو خەڵک گەر چاک بن
کۆمەڵگا شادو پڕ خێرو هاتە
بێتو ئەخلاقی هەردوولا شڕبێت
ئایندە رەشو پڕ کارەساتە

*** *** *** ***

ستەمت لێبکەن لەوە باشترە
کەوا ببیتە پیاوی ستەمکار
ستەمکار کەمتر لە دڕندەیە
ستەملێکراو مرۆڤە دواجار

سەد درۆ بەرگەی راستییەك ناگرێ
گەر راستت دەوێ چاکە راستییە
هەرچەندە راستیی باجی خۆی هەیە
ناڕاستیی هەردەم کەم و کاستییە

*** *** *** ***

مادە پەرستیی مەکە بە ئامانج
دڵی مرۆڤی بۆ بتۆرێنی
تەواوی جیهان گەر موڵکی تۆ بێ
بە کەڵکی چی دێ خۆت بدۆڕێنی



ئەوەی کە خێری گشتیی تێدا بوو
هەڵبەتە خێری تۆشی تێدایە
ئەوەی کۆمەڵی قوربانی خۆی کرد
مایەداریش بێ دەبێ بێمایە

*** *** *** ***

ماسی لە دەریا پەروەردە دەبێ
بەڵام بۆ خواردن پێویست بە خوێ یە
پیاوی ناسوپاس بێبارو نزمە
خوێدان شکێن و حەرام بە خوێیە

ژیان پێویستی بە تێکۆشانە
نەك تەرخانی کەی بۆ نان تێکۆشین
ریگا پەروەردەی ناخی ئینسانە
نەك تەنیا چێژی مژین و گوشین

*** *** *** ***

دڕك بۆیە دڕکە ئازارت دەدات
گوڵ بۆیە گوڵە جوان و بۆن خۆشە
ئەوەی دڕکپەروەر، گوڵدانشکێنە
دوژمنی جوانیی و بێ هەستوهۆشە



چەند جوانە جوانێ کە ناخی جوان بێ
رەوشتی بەرزی مرۆڤ جوانییە
جوانی ناخشێواو بە جوان مەزانە
جوانیی راستییە، راستیی جوانییە

*** *** *** ***

وتراوە کە واحیلم لە عیلم
باشترە بۆچی ئالودەی هۆسەی
تۆ کە باوانت بە ریش ناسراون
بەکەڵکی چی دێت کە بۆ خۆت کۆسەی

دەریایەك خوێنی هەژاران رژا
بۆ رزگاریی خاك ئازادیی ئینسان
کەچی ئاکامی کوردایەتییمان
تەنیا هاتەوە سەر پۆستو گیرفان

*** *** *** ***

کۆمەڵگای رەفا ئامانجی گەلە
ژیانی هاوچەرخ دیموکراتییە
گەلی بندەستی ئاغای شکارچی
نێچیری خەمو پەستییو ماتییە



تۆ کە وڵاتێ ببڕی چۆن دەکرێ
سزای کەسێ بەی گیرفانێ دەبڕێ
تۆ کە کۆمەڵگا تێکڕا ئەتك کەی
چی لەوەی پەردەی ناموسێ دەدڕێ

*** *** *** ***

بە گیرفان بڕیی گیرفانت پڕکەی
ملیارت هەبێ هەر مایە پوچی
چاکەی کۆمەڵت لەبەرچاو نەبێ
بێ کەڵك و هیچو چرووكو پوچی

گوێی هەیە کەچی قسە نابیستێ
چاو هەیە کەچی لێڵە بینینی
دڵی ترپەی دێ کەچی مردووە
ئارەزوو دەستی ناوەتە بینی

*** *** *** ***

مرۆڤ حەز دەکا قسەی بەرامبەر
بێ پێچ و پەنا بە دڵی خۆی بێ
قسەی نابەدڵ قەت مەگرە دڵ
دەشێ تروسکە لە هەوری رەش بێ



کە خۆرئاوابوو تاریکی دادێ
ئەستێرەی ئاسمان دەدرەوشێتەوە
تاوانبار بێتو نەخرێتە قەفەس
تاوان بە دەستە دەبەشرێتەوە

*** *** *** ***

تاکە ئێسقانێك نادرێ بە دوو سەگ
هەریەکەی بۆ لای خۆی راکێشێ
نەکەی بکەویە نێوان دوو جەردە
یەکێ پاڵتێنێ، یەکێ پیاتکێشێ

هەر گوڵە و رەنگ و بۆنی خۆی هەیە
دەگوترێت تام لای ژنی درێژە
ئەوەی پێویستە بۆ گیان بێزارە
گۆڕین زۆربەی جار سەرچاوەی چێژە

*** *** *** ***

ژیانی باشتر جیهانی چاکتر
گرێی بێدادیی پێ دەکرێتەوە
تەنیا ماف بەردی بناغەی دادە
یاسا بە یاسا چاک دەکرێتەوە



بەڵام گەر بێتو بە قیر سواغ نەدرێ
خستە نێو رووبار نوقم ئەبێ لە ئاو
بە نرخێکی زۆر مانگا بۆ دەکڕی
نرخی شیرو ماست کەمتر بێ لە ئاو

*** *** *** ***

دەڵێن گەر کەچەڵ دکتۆر بووایە
لە پێشدا سەری خۆی تیمار دەکرد
ساڵێک کەچەڵیان کردە شوانی دێ
مەڕی بە قوربان گورگی هار دەکرد

پیاو لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت
ورگی پەیدا کرد جێگەی گومانە
ئەدای ئەمانەت پڕوکێنەرە
فەرمانڕەوای بەد چارەی نەمانە

*** *** *** ***

کورسی پەرستان تێکڕا زوحاکن
ئارەزووکاریی ماری سەرشانی
ستەم ئاکامی ئارەزووی پوچە
ئەو کەسە کوێرە کوێر دەکا کانی



ئەوەی قاچێکی لەسەر دنیایە
قاچەکەی دیکەی وا لە نێو گۆڕا
ئەوەی قوماری کورسی بردەوە
بەڵام دوا ساتی تەمەنی دۆڕا

*** *** *** ***

ئەوەی کە شیری ستەمی کێشا
چاوەڕێ بکا خوێن بڕژێنێ
خوێنی بە ناهەق ڕژاوان دواتر
جەستەی ستەمکار هەڵدە پڕوکێنێ

ئاكاری مرۆڤ دەشێت بگۆڕێت
دوێنێ پارسەنگ بۆوئەمڕۆش بێتە سەنگ
بۆیە شێرازەی لەناكاو تێكچوو
دۆستانی دوێنی هاویشتە ناو جەنگ

*** *** *** ***

حوكمی هێندێك ماچ وەك سوژن وایە
بۆ مرۆڤ دەبێت بە ئازارو ژان
كەم ماچ وەك ئەوەی كاتی رەوەكە
لە دەرو لە ژوور خەڵكانی هەژان



لەسای ستەمكار مەرگ دیارییە
حەسحەس شەوكوتەو مافناس مافیایە
ئالاو دەستوورو ئەنجومەن هەرسێك
بۆ ناوەرۆكو بە وەزنی كایە

*** *** *** ***

لەبەر دەم میللەت وەك نەڕە شێرە
لەبەردەم غەیرە چەشنی پشیلە
لە دەمی خەڵكا تامی گوژاڵگە
لە دەمی غەیرە وەك شەكرو شیلە

ئەوەی عاشـقــی کـــورسیو پـــــارە بوو
هیچ ســـڵ لە ســـاختەو ریـاو فێڵ ناکات
ئــــەوەی ستـــــەمی کـــــردە بنـــــــاغە
ئـــــاخریو عـــــاقیبەت هــەر دەبێ راکات

*** *** *** ***

کاتـــێ پۆلیســـت بەرچـاوکەوت ترسایت
مانـــــای ئـــەوەیە مـــیریـــــــــی زۆردارە
حوکـــمەت لە ئەســـــڵا بۆ ئـــازادیـــیە
بە دارو ســــەرکوت ناگاتـــــە چـــــارە



ئازادیـــــی مــــانا بە ژیـن دەبـــەخشێت
ژیـــــــن بێ ئازادیی تـــــاریكو تـــاڵــــە
شـــــەن بێ شنــــــــەبا ئەســـــتەمە بکرێ
گەر هیــــــــوا نەبێ ژیـــــان مەحـــاڵە

*** *** *** ***

پـــیاوی ســــاختەچـــیو دووڕووو درۆزن
مــشکی ناو بــــاخو مــــاری خانەیـــــە
هــــاکا بـــە کلــکیا تەقێـــوە تەڵـــــە
دوا شوێنی رێـــــوی دەبــــــــاخانەیـــە

خۆت بە مشك كەی پشیلە دەتخوا
مەگەس ئالودەی شەكروو هەنگوینە
مەبە بە كۆیلەو ئەڵقە لە گوێی كەس
بارگیری رامبوو باری سەنگینە

*** *** *** ***

ئەوەی تێپەڕی لە دەستتدەرچوو
ئەوەی كە ماوە بۆ تۆ دەرفەتە
رەشەخەڵك دەبێت روونبكرێتەوە
چی دەستكەوت لە بەین "فەرەجوفەتە"



ژووری دانیشتن ئەمێستا هۆڵە
ئەمڕۆكە مۆدی قەنەفەی پانە
قەنەفە هەرساڵ لەسەر بارێكە
گێڕگۆڕین ئەمڕۆ كاری لێزانە

*** *** *** ***

كێ پەت نەكراوە با دەست هەڵبڕێت
گەر پەتنەكرابیت لەسەر شانۆ نیت
پەتپەتێن پیشەی پەتكراوانە
گرنگ ئەوەیە خۆت بناسی چیت

چۆن گۆشت گۆشت دەخوات بە گۆشتاوەوە
چۆن نانی حەرام بە دڵ دەنووسێ؟
نەزان وەك زانا بۆچی بناسرێ
مەیمون چۆن لەسەر مەیمون دەنووسێ؟

*** *** *** ***

ستەم، کوێخایی وێڕای جەهالەت
تێکەڵ بەگیانی شەڕەخۆریی بوون
من منییو پاشقول لەگەڵ خیانەت
رەگەزگەلێکی مێژوویی کورد بوون



رەشەخەڵك زۆر زوو لە خشتە دەبرێ
چونکە عەقڵیان ها لە گوێچکەدا
نە هەنگوین کاری زەردەواڵەیە
نە نامە بە پێی قەلەبەچکەدا

*** *** *** ***

ئەگەر چیایەك بە درۆ هەڵچنی
بە تیشکی راستیی رۆژێ دەکەوێ
هەموو زۆرداریٚ درۆسازێکە
زۆردار چەند بڕکا دواجار دەکەوێ

مەرگی ستەمکار ژیانی گەلە
مەرگی کارژۆڵە ژیانی گورگە
شەریکی دزو هاوەڵی کاروان
بە رووکەش مەڕو لە ناخا گورگە

*** *** *** ***

پیاو مایە پوچ بێ لە ناو کاروانا
لە تێخوڕینی جەردە ناترسێ
ئەوەی دایکی خۆی دایە بەر مێکوت
لە دایك و خوشکی خەڵکی نا پرسێ



ئازادیی پردی ڕێی پێشکەوتنە
بۆ بنیاتنانی ژینێکی تازە
دەبێ هەر هزرێ بۆ باشی ژین بێ
مرۆڤ ئامانجە، نەك ئامرازە

*** *** *** ***

ئازادیی نەبێت داد داوا ناکرێت
بۆیە ئازادیی وا لە پێشترە
سیستمێك بەری ئازادیی بگرێت
لە سەد گەردەلوول ڕیشەکێشترە

تاج قەت نابێتە پەرۆی سەرئێشە
ئێش و ئازاری سەر بپەڕێنێت
ئەوەی کە داناو داد پەروەر نەبێت
تاجی لەسەرنا سەر دەپەڕێنێت

*** *** *** ***

زۆرجار گەل هەیە سەرۆکی نیە
پێم بڵێ سەرۆکی بێ گەل کامە؟
دەڵێن بێدەنگیی هێندێك جار زێڕە
وەڵام نەدانیش بۆخۆی وەڵامە



ئاهورامزدا کە خوای چاکەیە
بە تیشکی پەردەی تاریکی دەدڕێ
دەنگی جەماوەر دەنگی خودایە
ستەمکار داری ژێر پێی خۆی دەبڕێ

*** *** *** ***

دڕندەی کێوی ئەگەر برسی بوو
دەگونجێت هێرش بۆ مرۆڤ بێنێ
دەسەڵاتداری دڵکوێرو زۆردار
کە تێربوو ئەوسا داتئەڕزێنێ

دەڵێن سەرمایەی مەزن مرۆڤە
مرۆڤی مەزن سەنگی سووك نیە
لەسای سیستمی پوچی ستەمکار
هیچ شتێ هەندەی مرۆڤ سووك نیە

*** *** *** ***

دەڵێن زۆرداریی ئاکامی پوچە
کەس بە زۆرداریی خۆی ناکا نەمر
هزرو گوفتارو رەفتارت باش بێ
داد پەروەر نەمر، چاکەکار نەمر



حوکمی گەندەڵکار جێگەی نەفرینە
بۆشانی میللەت نەگبەتیی و بارە
لەسای ستەمکار هەمووشت پوچە
دارێ کە خوار بوو سێبەری لارە

*** *** *** ***

یەکسانیی بنجی کۆمەڵگای ساغە
ئازادیی ریشەی ژینی ئینسانە
سەرکردەی گەندەڵ باسی یەکسانیی و
عەدالەت بکات درۆی نیسانە

فيرعەون و هامان لەگەڵ قارونا
وتيان كەس هەيە لەمە خەراتر
پياوی مورتەزيق نا پاك و نزمە
ئەو سيانە سەدجار لەو پياوە چاتر

***   ***   ***   ***

ستەم پەتايە، لافاوە، جەهلە
ستەمكار كوێرو ناداد پەروەرە
لەسای ستەمكار ئەخلاق بار ئەكا
ڕۆژی كوڕی ڕۆژ، دراو پەروەرە



ئاين، پەروەردە، هونەرو ئەدەب
دەبێ كار بكا بۆ باشی ئەخلاق
تۆ ئەسپينۆزا بە شاگرد ناگری
چۆن بووی بە زوڕنای خەڵكی بەدئەخلاق؟

***   ***   ***   ***

هەرچەندە زمان كە پۆلا نيە
بەڵام لە چەقۆ زۆر باشتر دەبڕێ
بەرزەفڕ خەونی چۆلەكەی بينی
لەجياتی فڕين دوورنيە بترێ

زانا كە بووە پاشكۆی ستەمكار
چرووكو چەمووش، سووك، نادانایە
ئەگەر ستەمكار جارێك بەدناوبێ
زانای كاسەلێس سەدجار ریسوایە

*** *** *** ***

ئەسكەندەر كاتێ بە كورسی شادبوو
خولیای خوایەتیی پەیدا بوو لەسەر
كورسی بۆرە پیاو دەكات بە گورگ
گورگیش دەكاتە هەژدیهای حەوتسەر



رەگی خرا پە دەسەڵاتدارە
حوكمی گەندەڵكار زۆر بێ بەهایە
كەم حكومەت هەیە بێ گەندەڵیی بێ
گەندەڵیی رەها حوكمی رەهایە

*** *** *** ***

دەسەڵات گیانە لەناو لاشەدا
بۆ جەستەش سەرە سەبارەت بە لەش
میللەتی خاوەن سەركردەی بەدكام
ناكامو پەستو داماوو دابەش

فەلسەفەبافی لەسای ستەمکار
تەبریرەو غایەی سەرقەڵەمانە
ئەوەی زەمینەی ستەم خۆشدەکات
هەلپەرستان و جاشقەڵەمانە

*** *** *** ***

مورتەزیق کەری خستە پێکەنین
وتی کلکی من زۆر درێژترە
کاتێ کلکی خۆی پێشانی کەردا
کەر گریا زانی لەخۆی کەرترە



ستەمکار پیشەی هەر چەواشەیە
گەلی وڵاتی لەلا مێگەلە
لە هەرچی بچێت رەنگ و رووخساری
خۆی مانگەشەوو خەڵکی سەگەلە

*** *** *** ***

بە یاسای هاوچەرخ شەوگەڕێکی گەڕ
دەبێت لە زیندان بۆخۆی بڕزێ
لەسای سیستمی ستەمکارو پووچ
سەرۆك بە قانوون وڵات دەدزێ

ستەم بێزاریی و کینە دەچێنێ
گەندەڵیی پایەی ئەخلاق دەڕمێنێ
مافخوراو دەست و زمانی هەیە
گێل ئەو کەسەیە دڕک دەچێنێ

*** *** *** ***

گلەیی ناکەم لەو خەڵک و خوایە
کەوا ئاکاریان چەوت و چەوێڵە
چونکە پێشینان زۆر باشی بۆچوون
ئاوەکە لە سەرچاوەوە لێڵە



لە وڵاتانی ئازادو سەربەست
ئینتیخاب گیانی دیموکراسییە
ئەوەی لای خۆمان کاریکاتێرە
چەواشەکاریی دیکتاکراسییە

*** *** *** ***

ئەو کاتە ئەخلاق باری کرد رۆیی
بژاردەی کۆمەڵ بوو بە قاچاخچیی
باسی ویژدان و عەدالەت بکەی
گەورە پێش بچووک پێت دەڵێت چی چی؟!

هیـــچ عەتریـّــك نیە بـــۆگەنی کـــەلاك
لـــە گەنـــدەخۆران بـــشارێتـــــــەوە
نەمـــدیوە هیـــچ کەس غەیری کورد نەبێ
بۆ بکـــــوژانـــــی بپـــارێتـــــــەوە

*** *** *** ***

سیاسـەت، بـــازاڕ ، پـــەروەردە، فەرهەنگ
روو لە کـــامیـــان کەی کـــارەساتـــــبارە
خەڵـــکی شـــارەکان بـــوون بە لادێیـــی
نـــە لادێ لادێ و نـــە شـــاریش شـــارە



حیزبێنەی ســـەقەت خوی خەڵکی شڕکرد
پیرەمێرد دەیـــگوت نامـــەوێ حـــــیز بم
حیـــزب ئەمێستا کۆمـــپانـــیایـــــــە
بۆیە سەربـــــــەخۆ من دوور لە حیزبم

*** *** *** ***

جەنـــگاوەر مـــوڵك و سامانی چنگ کەوت
روو لە چـــێژ دەکاو دەگـــۆڕێ بۆ شـــێر
شۆڕشگێـــــڕی شێر لە شـــاخ پێویست بوو
لە شـــــار چ دەکەی لە پـــڵنگ و شـــێر

کورد دەبێ ژیرو داناو هۆشیار بێ
بێ خێر ئەوانەن کوردێکی کورتن
ستالین، هیتلەر لەگەڵ ناپلیۆن
ئەمانە تێکرا کورد نەبوون، کورتن

*** *** *** ***

دەڵێن کوردستان دەکرێ بە دوبەی
بە تاکسی دانسەر بە دریم ستی
چەرخی سیاسەت ئاوا خول بخوا
زۆر نابات دەبێ بە ڤینکس ستی



سیاسەتبازی وڵاتی ئێمە
عەودالی ئەوەن ئینسان کەن بە کەر
سیاسەت دەبێ مانا با بە ژین
سیاسەت زانست، سیاسەت هونەر

*** *** *** ***

حکومەت چۆنە؟ باشترە چۆن بێ؟
هاوچەرخو باش بێ، یا گەندەوکۆن بێ
بێ خەڵکی هۆشیار، فەرمانڕەوای چاک
ئەستەمە کارمان بە تامو بۆن بێ

دیکتاتۆر حوکمی خۆسەپێنییە
حوکمی پولپەرست تیمۆکراتییە
مۆبۆکرات حوکمی خەڵکی نەزانە
تەنیا چارەمان دیموکراتییە

*** *** *** ***

"ولا تفسدوا في الارض" واتە
گەندەڵکار مەبن لەم سەر زەمینە
گۆڕینی خراپ بە چاك ئیسلاحە
سەلاحی ژینە خێری زەمینە



ئاکامی چەرخی تەکنەلۆجی نوێ
دۆزەخە، کاری تەواو هۆڤانە
ئیستاتیکای ژین تەنیا رێگری
هەلومەرجی ژین نامرۆڤانە

*** *** *** ***

ئەگەر وانەبێ لە هەر جێ بلوێ
وا چاکە بکرێ بە عاقڵاوا
لە دزو گێڵ و بەدخواو ستەمکار
لە زەمین سەدجار بکرێ ماڵاوا